# سەندیکا و گەشت و شتی تر....!!

**نوری بێخاڵی**



نایشارمەوە سەرەتا دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسان موژدەیەکی خۆش بوو، بەڵام کە هەر زوو سوپایەك عەریزەچی و ئینشانووسی کردە ئەندام و لە چاوتروکانێکدا هەندێکیان کە ناویان لە کولەکەی تەڕدا نەبوو وەك دۆمەڵان تەقین و بە قودرەتی قادر لەو سەندیکایە کرانە ئەندامی کارا و وای لێهات چایەچی و پاسەوان و شوفێر و تەنانەت باخەوانی دەزگا راگەیاندنەکانیش تێیدا کەوتنە تای تەرازووی رۆژنامەنووسان، ئیدی هێدی هێدی تەمی ئەو گەشبینییە رەویەوە، ئەو کاتەش قوڕەکە خەستتر بووەوە، کە لەگەڵ ئاشتبوونەوەی سیاسی و کەمێکیش پێش ئەوە و بە بڕیاری مەکتەبی سیاسییەکان لەگەڵ یەکێتی رۆژنامەنووسان بوونەوە یەك ماڵ و سیماکانی هەڕەم هەر وەکو خۆیان مانەوە، وەك ئەوەی ئەو وڵاتە و تەنانەت خودی حزبەکان خۆیشیان کادیری بە توانا و پیشەییان تێدا قات بێت، کلیلی دیوەخانەکەیان دیسانەوە دایەوە دەست کوێخاکانی پێشوو (بێگومان ئەو یەکگرتنەوەی یەکێتی و سەندیکاش لە پێش حکومەت و سازدانی کۆنگرەی گشتی و بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکان و لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندنەکانیان و مەولودی بەشینەوەی پۆست و ئیمتیازەکان بێ حیکمەت نەبوو!!).

بەم چەشنە لەوێوە و دیسان ئەو بەڕێزانەی هەڕەم (لەو نووسینەدا زیاتر مەبەست کوتلەی هەر دوو حزبەکەیە، نەك برادەرانی تر، ئەگەرچی ئەوانیش بەعزێکیان بۆ ئەوەی جێیان لەق نەبێت لەگەڵ عام چوونە شام!!)، وەك بڵێی ئەو شوێن و ئیمتیازەیان لە باوك و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە و لەسەریان تاپۆیە، مەردانە درێخیان لەوە نەکرد لە هەموو شوێنکاتێکدا ببنەوە ریش سپی و پیاوماقوڵی نێوەندەکە و وەك کولتور و عەقڵی خێڵ، کە نەك تاکەکانی ناوی لە سای ریش سپییەکاندا مافی پرسە خەسوانەشیان نییە، بەڵکو دەبێ هیچ پرسیار نەکەن و تەنها گوێ قوڵاخی باوکەکانیان بن، ئیتر سەندیکا بەو بەزمە چووە کە هەیە.

ئێستا پرسیاری من لەسەر ئەوە نییە، کە باسم کرد، چونکە زۆربەمان و بە خودی خۆشمەوە بەشێك لەو تاوانەمان دەکەوێتە ئەستۆ، کە بە سادەیی و نیازپاکییەوە لەو سەندیکایە بووینە ئەندام و متمانەمان پێیکرد و بەشداری کۆنگرەی چەپڵەڕیزانەکانمان کرد.

بەهەرحاڵ پرسیاری من لێرە ئەوەش نییە، کە بۆچی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوێری کردنەوەی لقی هەولێر، یان لقێکی دەورووبەری نییە، چونکە مناڵێکی ساواش ئەوە دەزانێ کە لە یەکەمیاندا هەست دەکەن دەسەڵات و کوێخایەتییەکەیان سنوردار دەبێت و لە دووەمیشیاندا هێشتا پێیان وایە رۆژنامەنووسەکانی دەوروبەر عەریزەچین و لە بنەماکانی کاری رۆژنامەگەری نازانن و ماویانە بگەنە خەڵکی شار.

وەك ئەوەی شتێکی بێماناشە بپرسین کە بۆچی ئەنجوومەنی سەندیکا ماوەی کۆنگرە دوادەخا و بەزمی گیسکەکەی هەیاس بە رۆژنامەنووسان دەکات، لەبەر ئەوەی شتێکی ئاشکرا و روونە، کە زۆر لەو بردەرانەی هەر لە رۆژی دامەزراندنی سەندیکاوە تا ئەمڕۆ حزب تەعینی کردوون و بەچەپڵە رێزان کورسییەکانیان بۆ مایەوە و لەسای ناز و نیعمەتی ئەو تەعینکردنەش بێگومان سودێکی زۆری ماددی و مەعنەویان بینی، لەوە دەترسن و دڵنیان کە کۆنگرەی دادێ حزب هەندێکیان فنیش دەکات و کورسییەکەیان دەداتەوە یەکێکی تر، بۆیە ئەگەر کەمێکی تر دوای بخەن هەر هیچ نەبێت، ئەگەر لە کۆنگرە تەعینیش نەکرێنەوە، ئەوا بێگومان تا کۆنگرە دێت و بە تایبەتی خەریکە وەرزی بەهار و گەشتی میکوەکی و بۆنەی زۆر دێن، جارێکی تریش لەسەر حیسابی ئەندامەکانیان جانتای سەفەریان بۆ وڵاتان دەپێچنەوە و کەیف و سەیف دەکەن.

**له ماوەی تەمەنی سەندیکادا لەسەر ئاستی ناوچەکە و دەرەوە دەیان بواری گەشت و سەردانکردن هاتنە پێش، کە لەهەر هەموویان ریش سپی و ئەنجوومەن سوودمەندبوون، تەنانەت ئەوە نەخۆشی سەندیکا بوو گەیشتە هەندێ دەزگای تری راگەیاندن، کە بەرپرس و بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵەکە لە بری وێنەگر و چی و چیتر ناوی خۆیان بخەنە لیست و سەفەری دەرەوە بکەن..لە کوێ کەیف و سەیف و پارووی چەور و خۆ پێبادان و نازکردن پێیەوە هەبووبێت خوا کردوویەتی بە قیسمەتی نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێر و برادەرانی دیکە بووە..لەو ماوەیەدا هەر لە ئوردنەوە بگرە، تا دەگاتە سوریا و تورکیا و ئێران و فەرەنسا و بەلجیکا و کوێ و کوێی تر، هەرەمی سەندیکا مافی سەفەری هەبووە و لەسەر گیرفانی حکومەت سەفەریان کردووە و شتێکی نوێیان بۆ نەهێناوینەتەوە، لەو خۆپێبادانانە بترازێ، کە دوای گەڕانەوەیان لە کۆبوونەوە داخراوەکان باسی دەکەن...هەر پێنج و دوو رۆژێك دەبێت ئەو بەڕێزانە لە جەزائیر هاتوونەتەوە و هێشتا پشوویەکیان نەداوە، شەڕیانە لەسەر ئەوەی کێ 2007/4/22 دەچێتە ئەڵمانیا یان ناچێ.. تەحەدای ئەو پیاوماقوڵانە دەکەم لە سەفەرێکیاندا گەنجێکی رۆژنامەنووسیان (بەو مەرجە ماستاوچی خۆیان و عەریزەنووس نەبێت!!) لەگەڵ خۆیاندا بردبێتە سەفەرەکان؟!**

**ئێستا ناچارین جارێکی تر و بەراشکاوی باس لە پیشەیی نەبوونی رێکخراوەکە بکەینەوە، کە دواجار ماڵ و بارەگایەکی تری حزبە، ئەگەر وانییە بۆ دەبێ کۆبوونەوەکانی سەندیکا بە فیفتی–فیفتی و لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا بکرێن؟ بۆ دەبێ ئەگەر یەکێك لەوبەر بووە ئەندام یەکێکی تر لەم بەرە، جا خوای دەکرد کەسەکە فڕی بەسەر کاری رۆژنامەنووسییەوە نەدەبوو، من دەتوانم هەر ئێستا ناوی زیاتر لە بیست کەستان بۆ بنووسم کە بەم دواییانە بوونەتە ئەندام، نەك رۆژنامەنووس نین، بەڵکو تەرۆزی و گێزەری کارەکەیان پێ جیاناکرێتەوە..واز لەوە بێنە کە خەڵکێکیش هەیە و تەنها بۆ کاری بازرگانی قەدەرێك فڕێی داوەتە نێوەندەکە، سەندیکا نەك پرس و راوێژی پێدەکات و زۆرجاریش دەستە و نەزەر بۆی دەوەستن خوا و راستان بەڵکو بیانخاتە لیستی سەفەر و خەڵاتەکان...بەڕاست ئەو بەزمە تا کەی و کوێ بەردەوام دەبێت؟ ئاخۆ نێوەندێك هەیە ئەو پرسیارەی لێبکرێ، کە توانای کۆتایی هێنانی بەو بێسەروبەرییە هەبێت؟ بەڕاست چۆنە حکومەت و وەزارەتی دارایی هەروا بێدەنگن و رۆژێك لە لیستی خەرجی سەفەرەکاندا دووبارە و چەندبارە بوونەوەی ناوەکان ئێستێکیان پێناکات؟ یان رەنگە حکومەتیش هەر پێی وابێت ئەو چەند کەسە سوارچاکی گۆڕەپانەکەن؟!**